# تحالفاتی سیاسی و بەیەکەوە کارکردنی

ئاسۆ حامدی

سەرەتا:
کومەلگای مروفایەتی لە هەر شوینی و وولاتی جوریک لە پیکهاتەی کومەلایەتی، سیاسی ، فەرهەنگی کەلتوری هەیە، ئەگەرچی لە واقعدا یەک بنەمای ئەسلی یان هەیە. بەلام رەوەندی نیزامەکە لە هەر وولاتە لە ئاستیکی جیاجیا دایە.
لەگەڵ هەموو ئەمانەدا لە یەک وولاتیشدا یان لە هەر شوێنێدا چەندین پارتی سیاسی و دامودەزگای جیاجیا هەیە..بەکورتی کۆکردنەوەی هەموو دژایەتیەکانە بۆ ئەوەی چۆنایەتیەکی باش بۆ کۆمەلگا بەدەست بهێنن.
لیرەدا چەند مەساییلیکی بنەرەتی هەمووان لەسەری کۆکن، لەمانە قازانجی  باڵای نەتەوەیی کۆمەلگا، هەمووان بۆ ئەم ئامانجە لە چوارچیوەی سنووریکی دیاریکراو بۆ ئالوگۆردان بە کۆمەلگا تیدەکۆشن. سەرەرای هەموو جیاوازیەکان..هەموویان دەیانەوی یان لایەنەکان دەیانەوێ بەیەکەوە کاربکەن.
لیرەدا جەمسەربەندی لەنیو کۆمەلگادا پەیدا دەبیت.ئەم جەمسەربەندیە لە سەربنەمای کۆمەلایەتی و قازانجی هاوبەش پیکدیت.
بەیەکەوەکارکردن لە هەموو مەیدانیکدا لە سیاسەت شەرعیەتی هەیە بە مەرجێ مەسەلە بنەڕەتیەکانی کۆمەلگا نەباتە ژیر پرسیارەوە. یان میژووی پارتە سیاسیەکە یان دامو دەزگاکانی کۆمەلگا نەباتە ژیر پرسیارەوە و بنەمای ئەسلی خۆی لە بیر بکات.
بەیەکەوە کارکردن دەکرێ لەسەر مەسایلەکانی ئۆپراسیون، تاکتیک و ستراتیژ بیت. ئەمە پەیوەندی بە کەش و هەوای سیاسی کۆمەلایەتی کۆمەلگا وە هەیە. ئەمە مەسلەیەکی زۆر ئالوگۆرەو لە حکایەتی مریشک لە هیلکەیە یان هیلکە لەمریشکە دەچێ، سەرانی سیاسی پارت و دەزگاکانی کۆمەلگا دەتوانن بۆ خۆیان فۆرمولەی بکەن. بەلام واقع لەم فۆرموولبەندیە بەهیزترەو هەر رۆژگار رووتیان دەکاتەوەو پەردەکان هەلدەدرێنەوە...بەلام ئەوکات تەنها شفایەکی قوولە بۆ کۆمەلگا.
چەپ و ڕاست لەم مەیدانەدا لە کوردستان لە تحالفاتی سیاسی لە مەسەلەکانی ئۆپراسیون، تاکتیک و ستراتیژ ئەوەندە باڵادەست نین. خۆ چەپ بەداخەوە هەر بیری لە تحالف و تحالفات هەر نەکردۆتەوەو ناکاتەوە..مەگەر دوو شەق بوون نەبێ...!

بەیەکەوەکارکردن
مەرجی سەرەکی بەیەکەوەکارکردن لە هەموو حالەتەکانی دا دەبێ هەردوو لایەن یان گشت لایەنەکان بە ئیختیاری و ئازادانە خوازیاری کارکردن بن لەگەل یەکدا، ئەگینا بەیەکەوە کارکردن و تحالف مانایەکی نیە.
هەرکۆمەلگایەک جۆریک لە کەلتووری بەیەکەوە کارکردنی هەیە، ئەمە خۆی لە خۆیدا میژوویەکەو هەر لە دووبارە بوونەوەدایە، هیندێ جاریش کاریگەرەدەرەکیەکان ئەوەندە بەهیزن ئەوا لایەنەکان ناچار بە بەیەکەوەکارکردن دەکات.ئەمە کاتی و بەردەوامی و ئایندەی ئەوەندە دوور نیە و لە هەرکات و ساتدا دەکرێ بەرەو لایەنی تردا گوزەربکات.لەلایەکی تردا بەیەکەوەکارکردنەکان رۆشنن بۆ گشت کۆمەلگاو لە حالەتی دیاریکراودا ئەوا هیزەکان لەگەل

یەک لە کارکردندان. یان دامودەزگاکانی دەولەت بۆ چارەکردنی کێشەیەکی کۆمەلایەتی یان ئابووری یان ژینگەیی لەگەل یەکدا هاوکاریدەکەن و مەسەلەکان یەکلادەکەنەوە.
بۆ هەموو لایەنیکی سیاسی ، فەرهەنگی ، کۆمەلایەتی...هتد هتد.. هەر ریکخراوەیەک و دامودەزگایەک زۆر گرنگە مەرجەکانی هاوکاری و تحالفات لەلا رۆشن بێ..بەنموونە هەندێ لە مەرجەکان بریتین:
1. بۆچی لایەنەکان دەیانەوێ لە گەل یەک کار بەیەکەوە بکەن.
2. ئامانجەکانی لایەنەکان لە باری ئۆپراسیۆن، تاکتیک و ستراتیژ چیە لە کاتی تحالف دا.
3. چۆن دەتوانی فرسەتی بەرەو پێشەوە بقۆزیتەوە لەکاتی بەیەکەوە کارکردندا.
4. ئەگەر بەیەکەوە کار و هاوکاریکردن نەبێ یانی بێ تحالف چ بەسەرماندادێ....
5. پرۆسیسەکانی بەیەکەوەکارکردن چۆنەو چ بەسەر پرۆسیسەکانی کاری ئیمە دادەهینێ، ئەگەر تحالف بکەین...
6. بەڵین و وەعدەکانی تحالف چۆنن و چۆن بەئەنجام دەگەن، چ زەمانەتێ هەیە بۆ بەئەنجامدانیان.یان ئەگەر لایەنێ ملزەم نەبوو چ هەلوێستێ وەردەگرین بەرامبەریان..
ئەمانە و گەلێ مەرجی تر لەسەرەتای چوونە نێو تحالفدا هەموو یەکلاکرابێتەوە.
ئامانجی من لەم باسە زیاتر ئەوەیە بەیەکەوە کارکردن هۆیەکە بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەلگا، گەشەدانە بە هیزەکانی بەرامبەری یەک لە کیشمەکێشی بنیاتناندا.
ئەگەر ئەمە بووە چڕی ناوەندی باسەکانمان ئەوا دەتوانین چەند هەنگاو بۆ پێشەوە هەنگاو بنێین.
زۆر شیوە لە بەیەکەوە کارکردن هەیە، ئامانج و پرۆسەکانی دیاریان دەکەن. نابێ بەیەکەوەکارکردن هەر رەمزی و پرۆسیسی بیت لە باری بیروکراتیستی ئیداری ..هتد، بەلکو دەبێ بۆ کۆمەلانی خەلک شتیکی بەرجەستەو مەلموس بێت.
ئەگەر دەسەلاتدارانی دەولەت لە پرۆسەکانی بەریوەبردنی دەزگاکانی دەولەت گەیشتن، ئەوکات لە زەروورەتی بەیەکەوەکارکردنی دامودەزگاکان دەگەن.
ئەمە بۆ پارتیکی سیاسی مەسەلەیەکی ترە، پارتی سیاسی یان ریکخراوەیەکییش لە شاریکی دیاریکراودا دەبی سەرەتا لە ئامانجەکان و هەموو مەرجەکان بگات لە سەرئاستی ئۆپراسیۆن، تاکتیک و ستراتیژ ئینجا دەتوانی بەیەکەوەکارکردنی خۆی بناسێ لە کام ئاستدا کار بەیەکەوە دەکات.. بەنموونە لەسەر ئاستی ئۆپراسیۆن مەسەلەی رۆژە دەکرێ و کاتیە، بەلام لە تاکتیک و ستراتیژدا مەسەلەکان وەزعی تریان هەیە..
هەرلایەنێ بچێتە مەیدانی تحالف دەبێ قوربانی بە هەندێ لە داواکاریەکانی بدا، پارتی سیاسی دەبێ لە تحالفدا نەترس بێ، دەبێ هەردەم چاوەروانی لە ستراتیژ بێ، بەنموونە دەکرێ قوربانی بە مەسەلەکانی ئۆپراسیۆن بدەی ئەگەر لە ستراتیژ هەنگاوێ نزیک ببیەوە.
تحالفاتی سیاسی مەسەلەیەکی ئالۆز و ترسناک نیە، کاریکی ئالۆزو بە پەناوپێچ نیە، بەلکو کاریکی ئاسایی و سیاسیە چۆن دەکرێ بەنموونە لە پارتیکی سیاسی بچوک بۆ پارتیکی سیاسی بەهیز بیتە مەیدان.
گرنگترین مەسەلە لە تحالفاتی سیاسیدا بەرنامەی دیاریکراوە بۆ خودی بەیەکەوەکارکردن. ئەگەر ئەم بەرنامەیە رۆشن بوو ئەوکات پرۆسەکانی دەست بەکارکردن مەسەلەیەکی کارکردنە بۆ بەرنامەکە خۆی..
نموونەیەک بۆ بەیەکەوە کارکردن بۆ گۆرانی چۆنایەتیەکانی کۆمەلگا، بۆ دروستکردنی شاریکی وەرزشی لە شاریک لە شارەکانی کوردستان، پێویستیمان بە زەوی جوتیاران و پارەو ئیمکاناتی

دەولەت و نەخشەی ئەندازیاران و کریکاران و وەستاکانی ڕشتە جۆراوجۆرەکان...هتد گەلێ ماددەی پێویست بۆ دروستکردنی شارەکەو هیزی کاری هەمووان هەیە، دوایش خەلکانیکی زۆر هامووشۆی ئەم شارە دەکەن، تەندروستی و وەزعی کۆمەلایەتی گەنجان بەرزدەکاتەوە..لە جیاتی پیرەکان بچن بۆ مزگەوت روو لە وەرزش دەکەن..لەوانەیە دەیان لە جوتیاران ببن بە خاوەن بازاڕ و هتد..ئەمە بنەمای کۆمەلایەتی چینایەتییان دەگۆری..
بەکورتی ئەم بەیەکەوە کارکردنە لەسەر پارچە زەویەکی کاڵ کردە شاریکی زیندوو  کە کۆمەلانی خەلک بۆ ئاستیکی تر دەبا. لە سیاسەتدا تحالفات وەکو شیرە هەردوو لای تیژە.
رابەرانی سیاسی دەکرێ کاتەکانی تحالفات بناسن و بزانن لە گەڵ کێ هاوکاری دەکەن، ئەگەر لەمە حالیبوون ئەوا سەرداویکی گرنگە لە مەسەلەی بەیەکەوە کارکردن دا.

بەکورتی
بەیەکەوەکارکردن و تحالفاتی سیاسی دەبێ گۆرانێکی چۆنایەتی بە کۆمەلگا بدا، ئەگەر ئەمە بووە بنەمای کارکردن ئەوکات چوونە نێو پرۆسەی بەیەکەوە کارکردن مەسەلەیەکی ئاسایی دەبی و هەنگاوێ لە کۆمەلگای شارستانی نزیک دەبینەوە.